# دوو پێشهات لە عێراق لە سایەی گۆڕانە جیۆسیاسییەکانی سووریا و لوبناندا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لە پاش لاوازبوونی حزبوڵڵا کە پایەیەکی سەرەکیی "بەرەی موقاوەمە"یە و، کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا کە پردی گەیشتنی تاران بوو بە لوبنان، لە عێراق دوو بابەت بوونەتە مژاری سەرەکی، ئەوانیش چارەنووسی گرووپە چەکدارەکانی شیعە و حەشدی شەعبی و جموجۆڵ و خواستی هەندێك لە سوننەکانە بۆ گۆڕینی مامەڵەی زۆرینەی شیعە لەگەڵ دۆسیە کەڵەکەبووەکانیان و، لەوەیش دوورتر باسی گۆڕینی سیستەم و ڕژێم. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر لێکەوتەکانی گۆڕانە جیۆسیاسییەکانی سووریا لەسەر ڕەوشی عێراق و، بەدیاریکراوی لە هەردوو گۆشەنیگای پانتایی شیعی و سوننییەوە.

**چارەنووسی گرووپە چەکدارەکانی شیعە**

هیلاکبوونی حزبوڵڵای لوبنان و ملکەچکردنی بۆ ئاگربەست بە مەرجەکانی ئیسرائیل و پاشان کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و بچڕانی پشتێنە ئێرانییەکەی "بەرەی موقاوەمە" لە کۆتا مانگی 2024دا، دەرگەی لەسەر چەند ئەگەر و پێشهاتێك لە عێراق کردەوە. لەسەر ئاستە فەرمییەکەی، عێراق بەپەرتەوازەیی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکات؛ بەشێك لە حکوومەت و دامەزراوەکان پێیان وایە کەوتنی سووریا پرۆژەیەکی گەورەترە کە ئامانج لێی شیعەی ناوچەکەیە و مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییی عێراق؛ بەشێکی دی باس لەوە دەکەن ئەمە دەرفەتە بۆ لاوازکردنی هەژموون و نفووزی ئێرانی لە ناوچەکە و وەرگرتنەوەی بڕیاری سەربەخۆ.[1]

لەسەر ئاستە شیعییەکەیشی، گۆڕانکارییەکەی سووریا و کەوتنی بەشار ئەسەد، دەرگەی بۆ مشتومڕێك کردووەتەوە کە ئەگەر یان دەنگۆی کۆتاییهێنانە بە گرووپە چەکدارەکانی شیعە لە عێراق؛ بەو پێیەی بەشێکن لە بەرە ئێرانییەکەی "موقاوەمە". بەم پێیەیش دەبێت لە ئێستادا هەمان چارەنووس و بارودۆخی "حزبوڵڵا"ی لوبنان و "حووسییەکان"ی یەمەن چاوەڕێیان بکات، بەتایبەت لە سایەی گەڕانەوەی "ترەمپ"دا بۆ کۆشکی سپی. ئەوەیشی ئەم دەنگۆیە زیاتر گەرم دەکات، جموجۆڵە ئەمریکییەکانە کە بەپێی سەرچاوەکانی واشنتۆن، "بلینکن"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پاش کەوتنی ئەسەد بە "محەمەد شیاع سوودانی" ڕاگەیاندووە، ئێران ئێستا لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە؛ عێراقیش شانسی هەیە نفووز و هەژموونی تاران لە نێوخۆی خۆیدا کەمتر بکاتەوە. لەم بەینەیشدا بلینکن داوای لە سوودانی کردووە ڕێوشوێنی توند دژی گرووپە شیعە عێراقییەکان بگرێتە بەر.[2] هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا و لە پێشهاتێکی تا ڕاددەیەك بێپێشینەدا، "عەممار حەکیم"، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی چوارچێوەی شیعی، لە کۆڕێکدا لە شاری نەجەف چەند شتێکی پشتڕاست کردەوە، کە دواتر بوونە بنەمای گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر.

بەپێی لێدوانەکانی حەکیم، کە بە ڤیدیۆیش تۆمار کراون و پشتئەستوورن بە سەرچاوەکانی ئەمریکا و عێراق: گرووپە چەکدارەکانی شیعە دەکرێنە ئامانج؛ ئەمەیش نەك لەبەر ئەوەی شیعەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی

بەشێکن لە تەونی گرووپەکان (سەر بە ئێرانن). بەڵام لەبارەی ئەوەی کە دەگوترێت لە پاش سووریا گۆڕانکاریی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراق بەڕێوەیە، حەکیم جەختی کردەوە: "ئەوە قسەیەکی فەیسبووکییە و "هیچ سیاسییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و هیچ کەس لەو شاندانەی هاتوونەتە عێراق شتی وایان نەوتووە."[3] ئەم ئامانجگرتنەی کە شیعەکان چاوەڕێی دەکەن، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ تەنیا گرووپە چەکدارەکانە یان "دەستەی حەشدی شەعبی"؛ بەو پێیەی یەکەمیان سەرچاوەی بڕیاری لە تارانە و دووەمیان بەڕواڵەت پەیوەستە بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە (سەرۆکوەزیران). لای خۆیشییەوە قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی عەسائیب، پێی وایە مەترسیی بەئامانجگرتنەکە زیاتر لەلایەن ئیسرائیلەوەیە. لەسەر ئاستە سیاسییەکەیشی، ترەمپ خەیاڵی لای ڕووسیا و چینە، نەک عێراق؛ هێندە هەیە لە سەروبەندی گوشارکردن لە ئێران ڕەنگە دژی مامەڵەی وزەی عێراق و ئێران بوەستێتەوە[4].

لە بەرامبەر ئەم پێشهاتەیشدا هەندێکی تر لە قسەکەرانی هێزە شیعەکان، لەوانەیش "دەوڵەتی یاسا"ی مالیکی جەخت لەوە دەکەنەوە: "ناچنە ژێر باری داواکارییەکانی ئەمریکا و هەرچی وت جێبەجێی ناکەن و ئەزموونیشیان لەگەڵ ترەمپ هەیە و لە سایەی ئەودا خۆیان پاراستووە." هەڵوێستی ئەم هێزە سەرەکییە شیعییە ئەوەیە حەشد لە پەرلەمانی عێراق یاسای بۆ دەرکراوە و کێشەی نییە، بەڵام دەربارەی گرووپەکان، پێیان وایە "دەبێت بە لێکگەیشتنی ناوخۆیی عێراقییانە بێت"؛ بە واتای ئەوەی ئەم دۆسیەیان بەڕووی سازشکردن و نەرمکێشیدا کراوەیە[5]. بەڵام بە لای هەندێك سەرکردەی دیکەی شیعی لە چەشنی هادی عامری، ئەمینداری ڕێکخراوی بەدرەوە، "نرخ و باجەکان هەرچی بن ئەوان لەسەر ڕێگەی بەرەنگاری بەردەوام دەبن."[6] ئەمەیش زیاتر لە چوارچێوەی نکۆڵیکردندایە لە چوونەژێر باری هیچ لێکەوتەیەکی لاوازبوونی حزبوڵڵا و کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا.

لە دەرەوەی هێزەکانی چوارچێوەی شیعی، تەنیا هێزی سیاسیی شیعە کە ڕاشکاوانە و بەئاشکرا جەخت لە گۆڕانکاری لە نەخشەی ئەمنیی عێراقدا دەکاتەوە، "موقتەدا سەدر"ە. ناوبراو پێداگرە لەسەر ئەوەی "چەك تەنیا لە دەستی سوپا و هێزە ئەمنییەکاندا بێت." لەم نێوەندەیشدا لە پیرۆزباییی ڕۆژی سوپادا بەڕوونی وتی، "نەخێر و هەزار نەخێر بۆ چەکی کۆنترۆڵنەکراو و گرووپی لەگرێژنەدەرچوو."[7] ئەمەیش ئاماژە و تێلنیشانە بۆ گرووپە شیعە چەکدارەکانی سەر بە ئێران کە پێیان دەوترێت "هێزە وەلائییەکان" و، مووچە و بوودجە لە عێراقەوە وەردەگرن، بەڵام فرمان لە میحوەرەکەی تاران.

نزیك لەمەیش پێشتر و لە مانگی تشرینی دووەمی 2024، مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، بەڕوونی جەختی لەوە کردووەتەوە، "چەك دەبێت تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت."[8] ئەم هەڵوێستەیش دەشێت وا لێك بدرێتەوە هەوڵی مەرجەعییەتە بۆ دوورخستنەوەی عێراق لە خزان بۆ نێو گرژییەکانی ناوچەکە کە لە نێوان بەرەی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەك و بەرەی ئێران لە لاکەی تر گەرم و لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە. هەروەها ئەم بانگەوازەی سیستانی پاش ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی، دەشێت ببێتە بنەمایەك بۆ گێڕانەوەی گرووپەکانی شیعە بۆ چوارچێوەی بڕیاری ئەمنیی دەوڵەتی عێراقی؛ هەروەها لایەنە شیعەکانیش لە ڕووگیری (ئیحراجی) ڕزگار دەکات ئەگەر ناچار بوون گرووپەکان بخەنەوە سەر دەوڵەت، چونکە ئەگەر هەنگاوی وەهایان نا، دەتوانن بیخەنە چوارچێوەی بەدەمەوەچوونی بانگەوازەکەی سیستانی نەك ملکەچکردن بۆ خواست و پەڵپەکانی ئەمریکا و لە پشت ئەویشەوە ئیسرائیل.

**ئاڵۆزییەکانی دۆسیەی حەشد و چەکدارەکان**

هەرچەندە ڕووی گوشار و داواکارییەکان لە عێراقە بۆ پێداچوونەوەی ڕەوشی گرووپە چەکدارەکان و حەشد، بەڵام وا دیارە گرێی گەورەی ئەم دۆسیەیە لە تارانە کە لە پاش 2014 وەبەرهێنانی زۆری لەو گرووپە چەکدارانە کردووە و بەشێکیشن لە ستراتیژیی ئێران بۆ هەژموون و پەلهاوێشتن لە چوارچێوەی "هەناردەکردنی شۆڕش"دا؛ هەروەها لە ساڵانی پێشووشدا وەك ئامرازی گوشار لەسەر وڵاتانی کەنداو بەکار هاتوون. لەم نێوەیشدا عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی لە دیداری سوودانیدا هەفتەی ڕابردوو جەختی لەوە کردەوە حەشدی شەعبی یەکێکە لە پێکهێنەرە گرنگەکانی دەسەڵات لە عێراق و، "پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پارێزگاریکردن لێی." هەر لەو دیدارەیشدا ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی هێرشی کردووەتە سەر مانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق و، بە نایاسایی و دژ لەگەڵ بەرژەوەندیی گەل و حکوومەتی عێراق ناوی بردووە و داوای بەرهەڵستیکردنی خواستی ئەمریکییەکانی کردووە بۆ مانەوە[9].

ئەم پێداگرییانەی خامنەیی لە کاتێکدایە کە لە پاش کەوتنی ئەسەد و پەرەسەندنی مەترسییەکانی سنوورەکانی سووریا، عێراق چاوی لە پارێزگاریی ئەمریکایە بۆ ئاسمان و سنوورەکانی؛ بەو پێیەی بنکەی سەربازیی لە ڕۆژاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریا و تەکنیکی پێشکەوتووی چاودێریکردنی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە هەیە و، سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکەی نێودەوڵەتییش دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. تەنانەت واشنتۆن پۆستی ئەمریکی لە زاری بەرپرسانی عێراقەوە باسی لەوە کردووە بارودۆخی گوشارکردن بۆ کردنەدەرەوەی سوپای ئەمریکا گۆڕاوە، کە ژمارەیان 2500 سەربازە؛ ئەگەریش هەیە ئەم سەربازانە بۆ وادەیەکی دوورتر بمێننەوە، سەرباری ڕێککەوتنی بەغدا و واشنتۆن بۆ کشاندنەوەیان تا 2026. ڕۆژنامەکە ئەوەیشی لە زاری بەرپرسانی ئەمریکاوە گواستوەتەوە کە عێراقییەکان لە جاران زیاتر پێشوازی لە مانەوەی ئەمریکا دەکەن و بەگرنگییەوە لە پاراستنی سنووری سووریا دەڕوانن لەلایەن یەکەکانی چاودێریی ئەمریکییەوە[10].

بەپێی هەندێك زانیارییش کە دزەیان کردووە، ئێران نەك پێداگرە لەسەر مانەوەی حەشدی شەعبی، بەڵکە پێشنیاری ئەوەی هەیە ژمارەیشی زیاد بکرێت و ئەرکی مەشقپێکردن و ڕاهێنانیشی لە سوپای پاسدارانەوە بگوازێتەوە بۆ سوپای ئێرانی؛ بەو پێیەی سوپا گەمارۆی لەسەرە و دەشێت پەیوەستبوونی بە حەشدەوە، ئەمیش بکاتە ئامانجی سزا ئەمریکی و ئەوروپییەکان[11].

لە پاش کەوتنی سووریا و گەمارۆدانی حزبوڵڵاوە لە لوبنان و هێرشی بەردەوام بۆ سەر حووسییەکان، عێراق تەنیا بەرەی هەرێمایەتیی ناوچەکەیە کە لە بندەستی هەژموونی تاراندا ماوەتەوە. ئەم بەرەیەیش جگە لە گرنگیی ئەمنی و ستراتیژی، سوودی ئابووریی زۆریشی بۆ تاران هەیە. پارێزگاریکردن لەمانەیش لە ڕێگەی هەبوونی باڵە چەکدارەکانەوە باشتر و ئاسانتر مسۆگەر دەکرێت. ئەوەیشی زیاتر ئێران هان دەدات بۆ دەستگرتن بە گرووپەکانەوە، گەڕانەوەی ترەمپە بۆ کۆشکی سپی و، بە ڕای شارەزایان دەکرێت ئەو گرووپانە وەك پارێزبەندی و نینۆکی خۆپارێزی لەلاین ئێرانەوە بەکار بهێنرێن؛ بە هەمان شێوەی ئەزموونی ویلایەتی یەکەمی ترەمپ[12].

لەسەر ئاستی ناوخۆی شیعەیش "حەشدی شەعبی" وەك هێزێکی پارێزەری سیستەمی سیاسی تەماشا دەکرێت و ئەرکەکەی گەورەترە لە بەجێهێنانی هەندێك ئەرکی ئەمنی، چونکە سوپا و پۆلیس جگە لەوەی تێکەڵن، زیاتر وەك مووچەخۆر تەماشایان دەکرێت و ئەزموونی داڕمانیان لە مووسڵ و تکریت و ئەنبار لە 2014 هەمیشە بە نموونە دەهێنرێتەوە. لەم ڕۆژانەیشدا کۆمەڵگەی شیعی لەسەر ئاستی سیاسی و میللییش

لە دڵەڕاوکێ و مەترسیی جۆراوجۆردا دەژین، بەهۆی هاتنەسەر حوکمی "تحریر الشام"ەوە، چونکە جیا لەوەی ئەم گرووپە لەسەر "سەلەفییەتی جیهاد"ی ئەژمارن و لە دیدی شیعەدا مەشرەبیان ئومەوییە، دۆخی سووریا چەند مەترسییەکی دیکە بۆ شیعە دروست دەکات؛ بەو پێیەی لەودیو سنوورەوە چەند گرووپێکی نەیاری شیعەی عێراق لەنگەریان گرتووە لەوانەیش: کەسایەتییە سوننە عێراقییە نەتەوەییەکان، گرووپ و کەسایەتییە سوننە مەزهەبییە نەیارەکانی ئێران و گرووپە شیعەکانی عێراق، بەعسییە عێراقییە هەڵهاتووەکانی پاش 2003، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی چەپی یاخی و ناڕازی لە دۆخی عێراق.

بە بۆچوونی هەندێك لە دەستەبژێری شیعە، ئەم گرووپانە هەروا دەستەوەستان ناوەستن و دەکەونە جموجۆڵ بۆ وروژاندنی جەماوەر لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی، هاوشێوەی ساڵانی 2011_2014، بەتایبەت لەو ناوچانەی زۆرینەی سوننەن و بەرکەوتنیان لەگەڵ سووریادا هەیە.[13]

## جموجۆڵی سوننەکان

هاوتەریب لەگەڵ ئەو گوشارەی سەر شیعە و هێزە چەکدارەکانیان، سوننەکانی عێراق لە جموجۆڵی سیاسیدان و، ئەمەیش دەشێت بە قۆستنەوەی بارودۆخ لە پاش کەوتنی ئەسەد یان هەوڵی گوشارکردن لێك بدرێتەوە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی بەرکار کە شیعەکانی کردووە بە باڵادەست لە سەرجەم پرس و دۆسیە هەستیارەکانی پاش 2003دا. ئەمینداری عەسائیب باسی لەوە کرد، بکەری سیاسیی سوننی، تەبا و تەریبە لەگەڵ تەماحکارییەکانی ئەردۆغان و، میدیا و ئامرازەکانی خۆیان خستۆتە کار بۆ وروژاندنی بارودۆخ و، کوردەکان ئەگەرچی دۆخەکەیان قبووڵە بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندییان نییە[14].

بەر لەم تۆمەتبارکردنەی خەزعەلی، "مەحموود مەشهەدانی"، سەرۆکی پەرلەمان کە هاوپەیمان و نزیکی چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەیە و باوەڕی زاڵ ئەوە بوو دۆست و پشتیوانی ئێرانە و بە پشتیوانی شیعەکان گەیشتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە سەرەتای تشرینی دووەمی 2024دا ڕای گەیاند، لە ململانێی ئێران و ئەمریکادا ئەمان 100% پشتیوانیکردنی ئێران هەڵدەبژێرن؛ بەو پێیەی دراوسێیە و "دراوسێ لە ماڵ لەپێشترە."[15] کەچی پاش کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، لە میدیایەکی سعوودیدا جەختی کردەوە ئەگەر ئەمریکا و ئێران بەریەك کەوتن، ئەوە عێراق "بێلایەنیی ئەرێنی" هەڵدەبژێرێت [16]. بە دوای ئەمەیشدا مەشهەدانی و ژمارەیەك سەرکردەی دیکەی سوننە ئێوارەی 7ی کانوونی دووەمی 2025 بۆ یەکەم جار لە پاش 2003 هاوپەیمانییەکیان بە ناوی مەزهەبییەکەی پێکهاتەی عەرەبی سوننە، واتە "ئیئتیلافی سەرکردایەتیی یەکگرتووی سوننە" ڕاگەیاند. ئەم هاوپەیمانییەیش گرنگترین سەرکردە سوننەکان لەخۆ دەگرێت جگە لە حەلبووسی، لەوانەیش: خەنجەر، موسەننا سامەڕایی، ئەحمەد جبووری، زیاد جەنابی و، ئامانجەکەیشی بەوە ڕاگەیەنراوە کە "دۆسیە مرۆیی و یاسایی و سیاسییەکانی پێکهاتەی سوننە بگەیەنێتە ئەنجام."[17] ئەم هاوپەیمانییەیش زیاتر هاوشێوەی چوارچێوەی شیعییە بە بەرگێکی سوننی و، داوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی سوننە دەکەن کە لە پاش 2018 کەڵەکە بووە.

لەبارەی ئامانجی ئەم هاوپەیمانییەشەوە جگە لە ڕکابەریکردنی حەلبووسی، ئوسامە نوجێفی نەیشاردەوە کە پەیوەندیدار دەبێت بە شەڕی پرۆژەی ئێرانی لە ناوچەکە، کە "بەدڵنیاییەوە عێراقیش دەگرێتەوە."[18] بەر لەمەیش شەش سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و کەسایەتیی سیاسیی دیاری پێکهاتەی سوننە داوای

چارەسەرکردنی پرسی گیراوەکان و توندوتیژیی سیاسی و دیالۆگی نیشتمانیی گشتگیریان کرد[19]؛ ئەمەیش بە هەوڵی کەڵکوەرگرتن لە دۆخی سووریا لێك درایەوە.

هەرچەندە بەم خێراییەی پاش کەوتنی ئەسەد کۆکردنەوەی 13 قەوارەی سوننی، قورس و ئاڵۆزە و زۆربەی ناکۆکییەکانی ئەم پێکهاتەیە لەبارەی ڕێبەرایەتی و پۆست و دەستکەوتەکانەوە وەك خۆیەتی، بەڵام لە پاش کەوتنی ئەسەدەوە لە سووریا زیاتر هەوڵی کاری هاوبەش دەدەن و سەقفی داوکارییەکانیان بەرز دەکەنەوە و دەیانەوێت بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی بەرە ئێرانییەکە هەندێك یاسا و پرۆژە لە بەرژەوەندیی هێزە سیاسییەکانیان تێ پەڕێنن بۆ هەڵبژاردنی 2025 [20]. هاوکات لەگەڵ ئەم جموجۆڵەی سوننەکانیشدا لە میحوەری دیکەوە گوشار بۆ سەر دەستەبژێری حوکمڕانی شیعە هەیە و بەیاننامەیەك کە کۆمەڵێکی زۆر ئەکادیمی و ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسی دەریان کردووە، داوای چاکسازی و پەندوەرگرتن دەکات[21]. هەموو ئەمانەیش بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕوو لە هێزە سیاسییەکانی شیعەیە کە چوارچێوە و بنەمای حوکمڕانی لە عێراقدا پێك دەهێنن. بەرامبەر بەمەیش هێزە شیعەکان هەر چەشنە قسەیەك لە گۆڕانکاریی خێرا و پەلە بەوە لێك دەدەنەوە، کە پلانگێڕی و وەهمە و هەندێك جار لە پەرچەکرداریشدا لێدوانی توند دەدەن، بە سەرۆکوەزیران محەمەد شیاع سوودانییشەوە. ناوبراو، لە ساڵیادی تیرۆرکردنی "محەمەد باقر حەکیم"دا جەختی لەوە کردەوە "کەسانێک هەن هەوڵیان داوە گۆڕانکاری لە سووریا و عێراق بەیەکەوە ببەستنەوە؛ ئەمەیش شتێکە کە جێگەی گفتوگۆکردن نییە."

بە قسەی سەرۆکوەزیران، "عێراق خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی و فرەییە کە هەمووان لەخۆ دەگرێت، گەرەنتیی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکات، ڕێگەیش دەدات بە چاکسازی و ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگی لەژێر چەتری دەستوور و یاسادا؛ بۆیە هیچ کەس مافی ئەوەی نییە گۆڕانکاری و چاکسازی بەسەر ئێمەدا بسەپێنێت."[22] هاوشانی ئەم زمانە دیپلۆماسییەیش قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی عەسائیب ئاماژەی بەوە کرد، ئەوان پشت بە هێزی عێراق دەبەستن لە سوپا و لە حەشد بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان و، وتیشی "ئەو سەردەمە بەسەر چوو بە بڕیاری ترەمپ سیستەمی سیاسی بگۆڕدرێت. لەگەڵە ئەوەیشدا خەزعەلی نەیشاردەوە سیستەمی سیاسیی عێراق پێویستیی بە پێداچوونەوەیە، چونکە هێشتا ڕاگوزەرە و لە پاش قۆناغی دامەزراندنەوە لە ۲۰۰۳دا هەموار نەکراوە و بۆ ئەمەیش پێشنیاری نموونەی فەرەنسای کرد لە هەمواری سیستەمی سیاسی کە چەند قۆناغێکی بەخۆیەوە دیوە."[23]

**کۆبەند**

گورزەکانی سەر حزبوڵڵا و کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا کە هاوکاتن لەگەڵ گەڕانەوەی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، جۆرێك لە شڵەژان و نادڵنیایی لە پانتایی شیعیی عێراقدا دروست کردووە. هێزە سیاسییە شیعەکان چاوەڕێی بەئامانجگرتنی گرووپە چەکدارە وەلائییەکان دەکەن، چ بە سەربازی بێت لەلایەن ئیسرائیلەوە، یان بە سیاسی و ئابووری لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە، بەڵام پشتئەستوور بە توانا عێراقییەکانیان و بە پاڵنەری ئێرانی شەڕ لەسەر مانەوەی "حەشدی شەعبی" و گرووپەکانیش دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا لەبارەی میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارەکانەوە یەکهەڵوێست نین و وێڕای ناکۆکییە نێوخۆییەکانیشیان، موقتەدا سەدر لە دەرەوەی ڕەوتی باوی شیعەکان دەخوێنێت و پشتیوانی لە گۆڕانکاریی سووریا و چەکدانانی گرووپەکان دەکات.

شان به شانی ئەم نادڵنیاییيه شیعییه، سوننەکان هەوڵ دەدەن کەڵك له بارودۆخ وەربگرن و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و ئەم لاوازابوونەوەی بەرەی ئێران به دەرفەت دەزانن. بەرامبەر بەم جموجۆڵەی هەندێك له هێزە سوننەکانیش، دیوارێکی شیعی هەیه که سەرباری ئەوەی بەڕواڵەت و له ڕووی تیۆرییەوە ئامادەییی پێداچوونەوەی تیایە بۆ سیستەمی سیاسیی عێراق، بەڵام بەگشتی بیرۆکەی دووبارەکردنەوەی ئەزموون و واقعی سووریا له عێراق ڕەت دەکاتەوە و بەخەونێکی دوور دەیبینێت.


[1] https://2h.ae/zAbX

[2] https://2h.ae/JwYU

[3] https://2h.ae/hBCC

[4] https://2h.ae/VoGI

[5] https://2h.ae/kPMB

[6] https://2h.ae/lCcp

[7] https://2h.ae/TUQo

[8] https://2h.ae/rQnY

[9] https://2h.ae/zFEC

[10] https://2h.ae/fgUW

[11] https://2h.ae/yYhC

[12] https://2h.ae/NQbJ

[13] https://2h.ae/vNNN

[14] https://2h.ae/VoGI

[15] https://2u.pw/oPcslv2I

[16] https://2h.ae/KSeU

[17] https://2h.ae/ELgL

[18] https://2h.ae/gEFo

[19] https://2h.ae/oewS

https://2h.ae/YAtO [20]

https://2h.ae/RnYW [21]

https://2h.ae/GRrq [22]

https://2h.ae/VoGI [23]